## بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا

بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کار و باری دەرەوەی بریتانیا، بەتایبەت ئەو راپۆرتانەی وا کۆنسولیەتی شاری تەورێز و کرماشان بە بەردەوامی ئاراستەی باڵوێزخانەی وڵاتەکە لە تارانیان کردوون، زانیارییەکی زۆریان لەسەر بواری سیاسی، ئابووری و کولتووریی کوردستان گرتۆتە بەر.

بۆکان کە بە گوێرەی دابەشبوونی جوغرافیایی لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە، کەوتۆتە سەر ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا، لە حەوزەی دەسەڵاتی کۆنسولیەتی تەورێز دایە و گەلێک لە راپۆرتەکان باسی لایەنی ئابووری یا سیاسی شار و ناوچەکە دەکەن.

من ژمارەی ١٣٠ بەڵگەنامەی کۆنسولیەتی تەورێز و باڵوێزخانەی تارانی بریتانیام وەرگێراوەتە سەر کوردی و وا لەلایەن بنکەی چاپەمەنی "ژین"ەوە لە سلێمانی بڵاو بۆتەوە. بەڵگەنامە تەرجمە کراوەکان بە گشتی سەردەمی کۆماری کوردستان(ساڵی ١٩٤٦) دەگرنە بەر، بەڵام هەندێ بەڵگەی ساڵانی پێش و دوای کۆمار واتە ١٩٤٢ تا ١٩٥٧ یشی خراوەتە سەر.

ئەم راپۆرتانە باسی جەم و جۆڵی سیاسی ناوچەی بۆکان، بارودۆخی عەشیرەتەکان بەتایبەت دێبوکری و فەیزوڵڵابەگی، هەل و مەرجی ابووری و کشت وکاڵ، وەزعی توتنەوان و بەرهەمهێنەرانی گەنم و چەوەندەر و گەلێک شتی لەم چەشنە کراوە و کەسایەتییە ناودارەکانی ئەو ساڵانەی شار و گوندەکانی دەوروبەر، بۆ نموونە بنەماڵەی ئێلخانی زادە و عەلیار لە راپۆرتەکاندا باسیان لێوەکراوە، بەتایبەت خوالێخۆشبوان عەلی ئاغای عەلیار کە لایەنگری حکومەتی ناوەندی بوە و قاسم ئاغای ئێلخانی زادە (پاشان "موهتەدی") کە پەیوەندی لەگەڵ کۆنسولیەتی بریتانیا لە تەورێز هەبوە و هەواڵی ناوچەکەی پێ گەیاندوون.

ناوەرۆکی بەڵگەنامەکان ناتەبایی ناو کۆمەڵگای ئەو ساڵانەی بۆکان بەباشی دەردەخەن و دەوری سەرەک هۆز و ئاغاوات لە تێک شکانی کۆماردا دەخەنە ڕوو.

بەڵگەنامەکان سەرچاوەیەکی بەنرخن بۆ مێژووی سیاسی - ئابووری – کولتووریی بۆکان و موکریان. ئەوەش تایبەتمەندییەکانی کتێبەکە:

رۆژهەڵاتی کوردستان(١٩٥٧-١٩٤٢) لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کار و باری دەرەوەی بریتانتادا کۆمەڵەی ١٣٠ بەڵگەنامە، وەرگێرانی ئەنور سوڵتانی، چاپی یەکەم، بنکەی چاپەمەنی"ژین"، سلێمانی ٢٠٠٥ ،